# هۆپ هۆپ خۆ شار بێ حاکم و میر نییە ؟!

## زاگرۆس TV و بەرنامەی "من غیر کلام"

دڵزار حەسەن

لەوە خۆشتر نییە لەکەناڵی ئاسمانی زاگرۆس بەراشکاوی بەرەحەتی دڵ و دەروونی خۆت لەبەرنامە بێ نازەکەی بەراشکاویدا رەخنە لە ئەوو ئەم بگرێت.

لەوەش ناخۆشتر نییە لەوهابەرنامەیەکدا گەندەڵترین وەزیر و بەرپرس و بەڕێوەبەر میوانی بەرنامەی بەراشکاوی بێت و نەشتوانی بەراشکاوانە لەو شەوە تاریك و ئەنگوستەچاوەدا بەراشکاوانە قسەی خۆت لە هەمبەر کرچ وکاڵیەکانی حکومەتدا هەڵرێژێت . لەوەش خۆشتر ئەوەیە جەنابی "ضیوف" بەشەرتی چەقۆ ئامادەی بەرنامەکە دەبێت و رەخنە و توانج و تێبینی بە راشکاوانە قبوڵناکات و هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خاوەن بەرنامە لە سەر ئەو دوو گۆڵیە رێك دەکەون !

خۆشیەکەش لەوەدایە ئەوکەسەی پەیوەندی دەکات جگە لە دەستخۆشانە و وردەگلەییان هیچی دیکە بەرووی جەنابی میوان دانا داتەوە . ئەمەش بەرەکەتی ئەو جەوە دیموکراسی و ئازادیەیە کە بەرنامەی بەراشکاوی خولقاندوویەتی !!

خودا عالیم و غەیبە لەوەتەی ئەو بەرنامەیە لە غیابی عەدالەتەوە خولقاوە گەندەڵی خەریکە هەردوو چاومان دەردەهێنێت . ئەو شەوەی کە چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانیدا کرد یەك سەعاتی رەبەق بەدیار بەرنامەی بەراشکاویدا دانیشتم بەس بۆ دەرمانیش نەمبینی ژمارەی تەلەفۆنەکانیان بۆ ئێمەی دەست و پێ سپی بەیان بکەن . کاتێکیش بە هەزار ناری عەلی ژمارەکەیانم لە بەدالە وەرگرت سێ کەڕەتان بەم ژمارەیە "2225173" لە ناو چەقی پایتەخت پەیوەندیم پێوەکردن . شکور بۆ خودا جڕن لە دوای جڕنەوە لێیدەداو کەسێك نە بوو راشکاوانە ئەو دڵە پڕ لە ئاخ و ئۆفەی من بکاتەوە . بۆیە وا باشە لە مڕۆوە بەرنامەی بەراشکاوی زۆر بەراشکاوانە ناوی خۆی بنێت ( من غیر کلام ) زۆر زۆر لەو حاڵەی ئێستاکەی باشترە .

### کۆنگرەی رۆژنامە نووسی

ئەرێ کورینە وڵات هەیە بەقەد کوردستان پڕ لە عاموود و وایەربێت !!

لەوەش عەجایبتر لەوها وڵاتێکدا کە پڕیەتی لە عامووود و وایەر لە بەر پرتەپرتی کارەباش خەریکە لە پێستی خۆمان دەردەچین.

ئەرێ قەد زانیوتانە مرور تەیارەلێبوخرێت ؟! بە چاوی ئێوە خۆم بە گوێی خۆم بیستوومە زەمانێك دادێت مرورەکانی کوردستان خریان دەبن بە فرۆکەوان!!!!

بۆ نا ؟! خۆ لەوەش سەیرتر رویداوە ئەوێ رۆژێ فەرمانبەرێکی وەزارەتێك کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی (بەس فوول بازرگانی) بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن سازدا!

وەڵلا بابە ئەمەیان هەر هیچ نیە لە چاو ئەو بەرپرسەی کە لەلای خۆیەوە لێپرسراوی دیوانەو کۆڵێك ئەرك و کاری گرینگی دەوڵەتی لە ئەستۆدایە بەس خوا نەیبڕێت لە تەشریفات و بەڕێوەبردنی کۆڕەکانی جەنابی مودیر هیچی دیکە نازانێت!!!

کوڕە لەوە هەرگەڕێ چما کەس دەوێرێت لەفزی بە غەڵەت بجولێت و برێ من مەعارەزەم و باس لە گەندەڵی ئابووری و ئیداری و گەندڵیە ژێربەژێرەکانی گیرڤانپڕەکانی کوردستان بکات , وەڵلا ناوی خودایە دەم و دەست کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیت لە سەر دەبستن و بە یەککگرتووی ئیسلامی تاوانبارت دەکەن !!!

وس بە با نەگیرێین...؟!

دەگێڕنەوە دەڵێن دوو برادەر هەبوون لە سەر شتێکی "بەینی خۆمان بێت زۆر بەسیت" گیرابوون و هەردوو دەستیان لە پشتەوەڕا کەلەپچە کردبوون , یەکێك لە و برادەرانە هەندێك قسەی بێسەرو بەری کردوو ئەوەکەی دیکە وتی " وس بە بابە وس بە " ولاشەکەی دیکە بە گاڵتە جارانەوە وتی " بۆ دەگیرێن , چما گیرانێکی دیکە ماوە تا لێیبترسین !!..."

منیش دەڵێم خودایە بەبەر دوعای حاجیان و پیاوچاکان و دایکە شەهیدمان بییەخە , قیروسیا با کارەبا بمانگرێت چاکترە بەس لەو زروفە تەنگەدا نەگیرێین چونکە کارەبا گەر بتگرێت یان دەتکوژێت یان بەرت دەدات , بە ڵام بە زاتی خودا گەر لەو حوکمەتە ساوایەی هەولێر بگیرێیت بە فیلیش بەرنابیت !!

## ژن

به قەشمەری تێنەگەن گەر بڵێم فرِ باوەرِم بە مافی ژنانەوە نییە ، بۆ باوڕم پێی هەبێت؟!
توخوا قەد بینیوتانە لەو کوردستانەی خۆمان مرورێك ؟ پۆلیسێك سەلام شوتێك بۆ زابتێکی ژن بکات !!
یان بیستوتانە ژنی بەرپرسەکان بۆ تەنها سەعاتێکیش بێت لەجێگای مێردەکانیان دەوامی رۆژانەیان بکەن و پیاوەکانیشیان لە ماڵەوەدا چێشتی نیوەڕۆیان بۆ حازر بکەن؟!
ئای ژن ژنی بێچارە منی عاشق بەتۆ خەریکە بەم شێوەیە وڕێنە بە چارەنووستەوە دەکەم ، ئەی دەبێت هەزارانی وەك ئەو مەسئولە ددان گورگانیانە کەبەردەوام لە بۆسەدان بۆت چۆن چۆنی مافت بپارێزن؟!
دەك داوەشێن پیاوە ژنانیەکان دەرێیی نە دیتکەنەو قەد ژنتان نەدیوە ، ئەی ئەوەنیە نیشتیمان پڕیەتی لە ژنی داپۆشراو ؟!!

### کـــریسمـس

ئێستاش تێنەگەیشتم جەژنی سەری ساڵ چ پەیوەندیەکی بە حەجەکەی داپیرەمەوە هەیە ؟!
پێش ئەوەی بڕوات منی دەخیلی گۆڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کردوو بەڵێنی ئەوەی لێوەرگرتم کە لە رۆژی کریسمس دا دوعا بۆ ئەو نەکەم ، ئاخر سەرم لەوە سوڕماوە داپیرەم لە سەفەری حەجەو لە شەوی سەری ساڵدا لە ماڵی خودادا نوێژ بۆ گەورەیی ئەو دەکات منیش هەر لەو شەوەدا لەماڵەکەی خۆم لەگەڵ نزیکترین کەس لە دۆستەکانم ئاهەنگ بۆ رۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەرێکی ئەو خودایە دەگێڕیین.
بەراستی زۆر سەیرە هێشتا نازانم کامەمان بە تەنگ عیشق و خۆشەویستی داییین بۆ خوداوەندی زەویی و ئاسمان ، من یان داپیرەم ؟!!

## زەڵمای خەلیلزادیش دەنگی بە لیستی 730 دا

چەندی بژیین ئەوەندەش شتی سەیرو سەمەرەمان بەرچاو دەوکەوێت.
ئـەمریکا لەوەتـەی هەیـە بەبـەنی ئـادەم رادەبوێرێـت ، بـازاڕی ئـازادیش خـۆی لـە خۆیـدا پێڕابـواردنێکی دیکـەی فەلسـەفەی سەرمایەداریەتە کە لەو رێگایەوە بە کرێکاری داماو رادەبوێرێت.
سـەد رەحمـەت لـە بیرو هۆشـت "مـارکس" وتـە بـە نرخەکـەتم هـەر لـە یـاد مـاوە کـە دەڵێیـت ئاپارتمـان وهوتێـل و باڵـا خانـەی هەورەبڕەکان لەسەر شانی کرێکار دروست دەکرێت خۆشی بۆ تەنها شەوێکیش تێیدا ناخەوێت ؟!!
ئەو زەڵمای خەلیلزاد بەنەژاد ئەفغانیەش یەکێکە لەو پێڕابواردنانە کە لەسەرەوە سەفیری ئەمریکایەو لەژێرەوەش سیاسەتی نوێی عێراق دادەرێژێت !
لەکاتی هەڵبژاردنە گشتیەکەشدا رابواردنە بیٚ قەید وشەرتەکەی خۆی راگەیاندوو وەك مـن و تـۆی هاوشوناسی عێراقی دەنگی خـۆی لـەرۆژی 2005/12/15 بـۆ هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی عیراقدا . بـۆ دڵنیـابوونیش تـا دەنگەکـەی بـەفیڕۆ نـەڕوات دەنگـی خـۆی بەلیسـتی هاوپـەیمانیی کوردسـتان دا و گـەر بـڕواش ناکـەن فـەرموون سـەیری پەنجـەی شـەهادەی جـەنابیان بکـەن وەهـا سـوور هەڵگەڕاوە دەڵێیت لە خەنەی ئاڵۆزکاندوە!!!